وێنەیەکی تەرجەمەکراوی
دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:34**
**رۆژی دەرهێنان:2004/6/20**

پشت بە حوکمی بڕگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی- عێراق، لە دانیشتنی ژمارە(43)ی رۆژی (2004/6/19)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(10)ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە(34)ی ساڵی/2004**

**یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستانی- عێراق**

**دەروازەی یەکەم**

**پێناسەکان**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەسەواژانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:

1 – هەرێم : هەرێمی کوردستانی – عیراق.
2 – وەزارەت : وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.
3 – وەزیر : وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.
4 – بریکاری وەزارەت : بریکاری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.
5 – ئەنجومەن : ئەنجومەنی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

**دەروازەی دووەم**

**دامەزراندن و ئەرك و فرمان**

**ماددەی دووەم:**

لە هەرێمدا وەزارەتێك دادەمەزرێ بە ناوی(وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی)، وەزیرێك بەڕێوەی دەباو سەرپەرشتی دەکات بە ناوی( وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.)

**ماددەی سێیەم:**

ئەم وەزارەتە، ئەم ئەرکوفرمانانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1 – بەرجەستەکردنی نرخی مرۆڤایەتیی کارو، پشتگیری و چاودێری کردنی کار، چونکە کار بنەمایەکی ئەساسییە بۆ وەدی هێنانی ئاواتی ئەو ڕابوونەی کە ئەمڕو، هەرێم لە هەموو بوارەکاندا بەخۆیەوەی دەبینێ.
2 – کۆشش بۆ ئەوەی کە زەمانەتی کۆمەڵایەتی، گشت کریکاران بگرێتەوەو، چاودێریی کۆمەڵایەتیی پێویستیش بۆ خۆیان و خاوخێزانیان مسۆگەر بکرێ.
3 – فەراهەمکردنی هەلی کار، بە یەکسانی، بۆ هەموو کەسێ توانای کاری هەبێ، چونکە کار هەم مافەو هەم ئەرکەو، زەرووڕەتی بەشداریکردنیش لە بنیادنانی کۆمەڵگەو بەرەوچاکتربردنیدا، پێویستی بەکارە.
4 – بلاْوکردنەوەی هەست و هۆشی پیشەگەری، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە پاراستنی مرۆڤ و جێگای کارو ئامێرەکانی زامن بکات و کارەسات و بەسەرهاتی کاتی کارکردن کەم بکرێتەوەو رێگا لە

نەخۆشیگەلی پیشەیی بگیرێ. هەروەها، وەزارەت بەپێی پێداویستییەکانی بازاڕی کار لە ئامادەکردن و پێگەیاندنی کادیرانی پیشەییدا بەشدار دەبێ.

5 – ئەوپەڕی گرنگی دان بە پاراستن لە بێکاری و ماکەخراپەکانی. هەروەها چاودێریکردن و دەستگرتنی ئەو خێزانانەی کە کێشەی کۆمەڵایەتییان هەیە بەجۆرێ کە بارودۆخێکی باشتریان بۆ زامن بکرێ تا بتوانن بە چاوکراوەیی و دڵسۆزییەوە لە بنیادی گۆمەڵگەدا هاوبەشی بکەن.

6 – گەشەپێکردنی کۆمەڵگە کە بە ئاسانی بتوانێ لەم گۆڕانکارییە دیموکراتییانەدا هاوپشك بێت و رێز لە مافی مرۆڤ بگرێت لە رێگای گۆڕینی سیماگەلێکی کۆمەڵایەتییەوە کە بوونەتە کۆسپ لە رێگەی فراژوبوونی کۆمەڵگەدا.

7 – گرنگیدان بە دامودەزگاکانی چاکسازیی کۆمەڵایەتی تا ببن بە دەزگای راستکردنەوەو چاکسازی و تەئهیلی. هەروەها چاودێریکردنی خاوخێزانی بەندکراوانی چاکسازیی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی ئەوانیش تێوەنەگلێن

8 – گرنگیدان بە چاودێریکردن و تەئهیلی منداڵان و ئەوانەش کە لە رووی پەروەردەو پیشەو ڕەوتی ژیانەوە کەموکورت و کەمئەندامن، تا بە ئاسانی بتوانن لە بزاڤی فراژوکاری و ئاوەدانکردنەوەی هەرێمدا بەشداربن و، ئەو ئاسەوارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەشیان بڕەوێتەوە کە رێگایان لێ دەگرێ.

9 – گرنگیدان بە خاوخێزانی قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و زامنکردنی چاودێریی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووریی پێویستیان، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە کەموزۆر ئێش و ئازاریان کەم بکاتەوە.

10 – تەئهیلی هاووڵاتیان لە رووی پیشەیی و کۆمەڵایەتیەوە، لەو رێگایەوە کە یارمەتی بدرێن بتوانن پرۆژەگەلی رەنێوهێنەکی(انتاجیە)ی خاوخێزانی بنیاد بنێن.

11 – بە ئاگاهێنانەوەی کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕو ئاکارو دروشمی بەحورمەت لە رێگەی کردنەوەی دەورەو بەسەرکردنەوەی خێزانەکانەوە کە دامودەزگای راگەیاندنیش بەشداریی تێدا بکەن.

12 – کۆشش بۆ لەناوبردنی دیاردەی هەژاری و کەساسی لە هەرێمدا بەجۆرێ کە باربووی دارایی بەو دەستکورت و کەمبەشانە بدرێ کە توانای ئیشکردنیان نییە.

13 – هاوبەشیکردن لە سەر مستەوای عیراقی و نێودەڵەتییش لەو چالاکییانەدا کە پێوەندیدارن بە ئەرك وفرمانی وەزارەتەکەوە.

## دەروازەی سێیەم

## پێکهاتەکان و ئەرك و فرمانەکان

**ماددەی چوارەم:**

بەشەکانی ناوەندی وەزارەتەکە:

1 – وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتەو، بەرپرسی یەکەمی ئیش و کارو ڕابەری سیاسەتی وەزارەتەکەیە. بڕیار و فەرمان و رێنماییگەلیش پێوەندییان بە ئیش و کاری وەزارەت و پێکهاتەکانی و کاروباری دیکەی ئیداری و دارایی و هونەریی وەزارەتەوە، ببێ، وەزیر دەریاندەهێنێ لە چوارچێوەی حوکمەکانی یاساو پێڕۆی پێوەندیداردا و، بەسەرپەرشتی و لە ژێر ریقابەی خۆیدا دەخرێنەبەرکار. وەزیر بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسیارە چونکە ئەندامێکی هاوکاری ئەنجومەنەکەیە. بۆیشی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە بریکاری وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت و بە هەر کەسێکی دیکەش بسپێرێ کە خۆی پێی باش بێ.

2 – بریکاری وەزارەت: لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەدا کە وەزیر پێی دەسپێرێ، یاریدەی وەزیر دەدات لە رابەرایەتی وەزارەت و سەرپەرشتکردنی کاروباری ئیداری و دارایی و رێکسازیدا.

3 – بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان: فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکات بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی، بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و خزمەتیشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ. بەڕێوەبەرایەتیی دارایی و تەدقیقیش کە بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیکەدا بوجەی ساڵانەو بوجەی پلان و حساب و حسابکاریی کۆتایی ئامادە دەکەن و پێشکەشی وەزارەتی دەکەن، بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوانەوە پەیوەستن.

4 – بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و بەدواداچون: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت و خزمەتی وەزیفەشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.

**ماددەی پێنجەم:**

1 – ئەو بەشانەی وەزارەت کە بە وەزارەتەوە پەیوەستن:

ا – بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کارو زەمانەتی کۆمەڵایەتی: شەخسییەتێکی خاوەن سەربەخۆیی ئیداری و دارایی خۆیەتی و، فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت و خزمەتیشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.

ب – بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریی کۆمەڵایەتی: فرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکا، بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت و خزمەتی وەزیفەکەشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.

ج – بەڕێوەبەرایەتی گشتیی فراژوکردنی کۆمەڵایەتی: فرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت خزمەتی وەزیفەکەشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.

د – بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاکسازی کۆمەڵایەتی: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتای هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت و خزمەتی وەزیفەکەشی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.

**ماددەی شەشەم:**

ئەنجومەنێ، بە ناوی( ئەنجومەنی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی) یەوە لە وەزارەتەکەدا پێکدەهێنرێ لە مانەی خوارەوە:

1 – وەزیر سەرۆك

2 – بریکاری وەزارەت جێگری سەرۆك

3 – بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ناو وەزارەت ئەندامن

4 – نوێنەری هەر یەکە لە وەزارەتەکانی(داد،ناوخۆ، پەروەردە و مافی مرۆڤ) بەمەرجێ پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ ئەندامن

5 – نوێنەری یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکاران لە هەرێمدا ئەندام

6 – نوێنەری یەکێتی ژوورە پیشەسازی و بازرگانیەکانی هەرێم ئەندام

7 – نوێنەری یەکێتی ئافرەتانی هەرێم ئەندام

8 – نوێنەری یەکێتیگەلی کەمئەندامانی هەرێم ئەندام

9 – سێ خاوەن ئەزموون و پسپۆڕی ناو وەزارەت یان دەرەوەی

وەزارەتەكە، لەسەر پێشنیازی وەزیر و ڕەزامەندیی سەرەك وەزیرانی هەرێم ئەندامن

**ماددەی حەوتەم:**

1 – ئەنجومەن، بە سەرۆكایەتی سەرۆك، یان ئەگەر دیار نەبوو، بە سەرۆكایەتی جێگرەكەی و ئامادەبوونی دوو سێیەكی ئەندامان كۆدەبێتەوەو، بڕیارەكانیشی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادەبووەكانی دەردەهێنێ. ئەگەر دەنگەكانیش یەكسان بن، ئەوە، لەو بارەدا دەنگی وەزیر بۆ كام لایان بێت، هی ئەوە.

2 – ئەنجومەن هەر(3) سێ مانگ جارێك كۆبوونەوەیەكی ئاسایی سازدەدات، سەرۆكیش بۆی هەیە، لەكاتی پێویستدا، بانگهێشتی بكا بۆ كۆبوونەوەی نائاسایی.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەنجومەن ئەم سەلاحییاتانەی خوارەوە رایی دەكات:

1 – نەخشەكێشانی سیاسەتی گشتیی وەزارەت و دیاركردنی ئامانجەكانی بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە. هەروەها بنەماگەلی ئیداری و هونەری و ئابووری و داراییش كە بۆ وەدی هێنانی ئامانجەكانی سوودیان هەبێ، دەیانگرێتە بەر.

2 – گفتوگۆ لەسەر پرۆژەگەلی بوجەی دارایی و بەرخورداری(الاستپماریە)ی ساڵانەی وەزارەتەكەو دایەرەكانی سەربە وەزارەتەكە دەكات و، رای خۆی لە سەریان دەردەبڕێ و، ئەوەش كە پێی باش بێ بەشێوەی راسپاردە پێشكەشی دەكات.

3 – گفتوگۆ كردن لەسەر پلانە سەرەتاكانی كورتمەوداو مەودای مام ناوەندو دوورمەودا، كە دایەرەكانی وەزارەت ئامادەیان دەكەن. رای خۆیشی لە سەریان دەردەبڕێ و، ئەوەشی كە پێی باش بێ بەشێوەی راسپاردە پێشكەشی دەكات.

4 – پێشنیاز دەكا كە وەبەرهێنانی زیادەسەرمایە(الفائج من رؤوس الاموال)ی دایەرەكانی سەربە وەزارەتەكە رێك بخرێت و، بەپێی پێداویستی بەرژەوەندی گشتی و لە چوارچێوەی یاساگەلی بەركارو رێنماییگەلی داراییدا. واقیعی ئەو وەبەرهێنانانە(الاستپمارات) روون بكرێنەوە.

5 – خول بەخول ریقابەی جێبەجێ كردنی پلانەكان دەكاو، لەم رووەوە هەر تێبینی و راسپاردەیەكی پێ باش بێ دەیانخاتەڕوو.

6 – لە پرۆژەگەلی ئەو یاسایانەش دەكۆڵێتەوە كە وەزارەت بیەوێ پێشنیازیان بكات.

7 – گفتوگۆ لەسەر ئەو پێشنیاز و راسپاردانەش دەكات كە لە بارەی هەمواركردن یان بەرفراوان كردن یان لە نوێ دامەزراندنی دایەرەكانەوە پێشكەش دەكرێن.

8 – گفتوگۆ لەسەر راپۆرتی خولاوخولی گشتیی ئیش وكاری وەزارەت، كە دایەرەی پلاندانان و بە دواداچوون ئامادەی دەكات، هەر تێبینی و راسپاردەیەكیشی پێ باش بێت، لەم بارەیەوە، دەیانخاتە ڕوو.

9 – هەر شتێكیش وەزیر بیخاتە بەردەمی گفتوگۆی لەسەر دەكاو، رای خۆی لەسەر دەردەبڕێ و، پێشنیازو راسپاردەی خۆیشی پێشكەش دەكات.

## دەروازەی چوارەم

## حوكمە گشتییەكان

**ماددەی نۆیەم:**

وەزارەت و دایەرەکانیشی بۆیان هەیە بەپێی حوکمەکانی یاسا. زەوی وزارو عقاراتیان هەبێ و بیکەن بە موڵك.

**ماددەی دەیەم:**

وەزارەت بۆی هەیە هاوکاری لەگەڵ ئەو کۆمپانیاو رێکخراوو هەیئەتانەدا بکات کە ئیش وکاریَ ئەنجامدەدەن پێوەندییان بە ئامانجەکانی وەزارەتەوە هەیە.

**ماددەی یازدەم:**

حساب و حسابکاریی ناوەندی وەزارەت و داریەرەکانی سەربە وەزارەت هەر هەمووی دەکەونە ژێر رکێفی دیوانی ریقابەی دارایی هەرێمەوە.

**ماددەی دوازدە:**

بەشەکانی وەزاەت و ئیش وکارە تایبەتەکانی پێکهاتەکانی بە پێڕۆ دیاردەکرێن.

**ماددەی سیازدە:**

دەسەواژەی ( وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی) لە هەر جێگایەکی یاسای ژمارە(1)ی ساڵی(1993)و یاساگەلی دیکەدا هاتبێ، دەسەواژەی(وەزارەتی تەندروستی ) جێگای دەگرێتەوە.

**ماددەی چواردە:**

وەزیر بۆی هەیە، رێنمایی پێویست بۆ ساناکاریی وەبەرکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی پازدە:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی شازدە:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان حوکمەکانی ئەم یاسایە  بخەنە بەرکار.

**ماددەی حەڤدە :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاْوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی ـ عیراق**

## هۆکارە زەرووریەکان

لە سۆنگەی ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە عیراقدا روویداوە، بەتایبەتیش نەمانی رژێمی دیکتاتۆریی گۆڕبەگۆڕو، بنیادنانی رژێمی فیدراڵی بەپێی یاسای هەڵسووڕاندنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستەنی. لەبەر ئەوەش کە هەرێم پێویستە پێوەندیگەلی دیموکراتی لە مەیدانی کاردا بەرەوچاکتربباب و، هاوهەڵوێستی خۆیشی بەرامبەر بەو گۆڕانکارییانەی کە لە مەیدانی کاردا روویانداوەو لەمەودواش روودەن و، لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاقاری تەقەنی و

ڕۆشنبیری و ئابووریی چینی کرێکارانی هەرێمدا، هەروەهاش کە پێویست دەکا، خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیش بۆ هاووڵاتیان هەر کەسەو بەپێی بارودۆخی خۆی بەرفراوانترو چاکتریش بکرێن و، خاوخێزانی قوربانیانی ئەنفال و جینۆسایدیش چاودێرییەکی شایان بەخۆیان بۆ بڕەخسێ و، زۆر زەروریشە کە دۆخی کۆمەڵایەتی فراژوبکرێ و، ئەو دیاردە و دروشم و ئاکارە کۆمەڵایەتیانەش بگۆڕدرێن کە بوونەتە کۆسپ لەسەر ڕێگای پێشکەوتن و بەرەوچاکتر بردنی کۆمەڵگەی هەرێم، لەبەر ئەوە، زۆر پێویستی بەوەکرد کە وەزارەتێکی پسپۆڕ دابمەزرێ، تا لە هەموو ئەو بوارانەدا بەرپرسێتی بگرێتە ئەستۆ. جا، لەبەر ئەوانە هەمووی، ئەم یاسایە، هاتە یاساکاری.